گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/art039.a1882

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 04/09/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 08/10/2023
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/06/2025

# سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی توێژینەوەیەکی شیکارییە

**هبه صبری حسن[1] - ئەییوب کەریمی[2]**

ayub.karimi@soc.soran.edu.iq - hsh610h@soc.soran.edu.iq

[1+2] بەشی کۆمەڵناسی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

تێگەیشتنی هاووڵاتیان بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەزامەندی و مانەوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی-سیاسی هەیە. ئەم وتارە تیشک دەخاتە سەر سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان و پەیوەندی لەگەڵ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە واتای یەکسانیی کۆمەڵایەتی. سیستەمی پەروەردە لە وڵاتە کەم گەشەکردووەکاندا ڕۆڵی جیاوازی هەبووە لە پرۆسەی مۆدێرنکردندا. هەندێکیان بە سەرکەوتویی نایەکسانیی کۆمەڵایەتییان کەم کردووەتەوە، بەتایبەتی لەڕوی چینایەتی و جێندەرییەوە، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە بەردەوام بون لە بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانیدا. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئایا سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان نایەکسانیی کۆمەڵایەتی کەم کردووەتەوە یان بەرهەمیهێناوەتەوە. میتۆدی ئەم توێژینەوەیە شیکاریی گێڕانەوەیە، کۆمەڵگەی توێژینەوە زانکۆکانی هەرێمی کوردستانە و نمونەی توێژینەوە دەرچوانی زانکۆکان لە هەردوک ڕەگەزی نێر و مێ و لە هەردوک گروپی خوێندەوارانی دامەزراو و دانەمەزراوە. بۆ ئەم مەبەستە، تێڕوانینی دەرچوانی زانکۆکانی کوردستانمان کۆکردەوە لەسەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و کاریگەریی سیستەمی ئەکادیمی لەسەر نایەکسانی. بە شێوەیەکی گشتی، ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی سیستەمی ئەکادیمی، بە شێوەیەکی کاریگەر نایەکسانیی ئابوری کەم نەکردووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، کاریگەریی ئەرێنی لەسەر دەرچوان هەبوە لەڕوی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و کولتورییەوە. هۆکارەکانی پشت ئەم ڕوانگەیە سەبارەت بە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی بریتییە لە جیاوازیی داهات لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و بەرهەمهێنانی جیاکاری لەنێو سیستەمی پەروەردەدا کە لەسەر بنەمای باکگراوندی کۆمەڵایەتی دامەزراوە، هەروەها تێگەیشتن لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی وەک یەکسانیی کۆمەڵایەتی کە لەژێر کاریگەریی کولتوری یەکسانیخوازی و سیاسی کوردستاندا بوە.

**کلیلە وشەکان:** دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، یەکسانیی کۆمەڵایەتی، سەرمایەی ئابوری، سەرمایەی کۆمەڵایەتی، سەرمایەی کولتوری، کەرتی گشتی، کەرتی تایبەت.

# The Education System of the Kurdistan Region and Social Justice: Narrative Analysis

**Hiba Sabri Hasan[1] - Eyyub Kerimi[2]**

[1+2] Department of Sociology, Faculty of Arts, Soran Univerity, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The citizens' perception of social justice directly affects the consent and survival of a sociopolitical system. This article focuses on the education system in the Kurdistan Region and its relationship with social justice. Education systems in underdeveloped countries have played varying roles in the process of modernization. Some have successfully reduced social inequality, particularly in terms of class and gender, while others have reproduced it. This research aims to determine whether the education system in the Kurdistan Region has reduced or reproduced social inequality. We gathered the perspectives of Kurdistan universities graduates on social justice and the impact of the academic system on inequality. Overall, the findings suggest that, according to the interviewees, the education system in the Kurdistan Region, specifically the academic system, has not effectively reduced economic inequality. However, it has positively influenced graduates in terms of social and cultural capital. The reasons behind this perspective on social inequality include the income disparity between the public and private sectors, the reproduction of discrimination within the education system based on social backgrounds, and the perception of social justice as social equality influenced by Kurdistan's egalitarian and political culture.

Keywords: Social Justice, Social Equality, Economic Capital, Social Capital, Cultural Capital, Public and Private Sectors.

## پێشەکی

دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بابەتێکی زۆر گرینگە لەبەر ئەوەی کە ڕەزامەندیی هاووڵاتیان لە سیستەمی کۆمەڵایەتی-سیاسی و تەنانەت مان و نەمانی سیستەمێکی سیاسی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە تێگەیشتنی هاووڵاتیان لە بون یان نەبونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. ئەگەر هاووڵاتیان، چ وەک تاک و چ وەک گروپی کۆمەڵایەتی، هەست بکەن کە سیستەمی کۆمەڵایەتی-سیاسی دادپەروەرانەیە، هەست بە ئاسودەیی و ئارامی دەکەن و ئامادەن بۆ پاراستنی ئەو کۆمەڵگەیە تەنانەت گیانی خۆیان فیدا بکەن بەڵام بەپێچەوانەوە، ئەگەر هەست بکەن کە سیستەمی کۆمەڵایەتی-سیاسی نادادپەروەرانەیە، بەدژی سیستەم هەڵوێست دەگرن و تەنانەت ئامادە دەبن کە بیڕوخێنن.
لەم توێژینەوەیەدا تەنیا جەخت لەسەر سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندی لەگەڵ دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا دەکرێت. هۆکاری زۆر بۆ نادادپەروەری بە واتای نایەکسانیی کۆمەڵایەتی هەیە کە زۆربەیان پەیوەندییان بە پێکهاتە ئابورییەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا پێداگری لەسەر ڕۆڵی سیستەمی پەروەردە دەکرێت. سیستەمی پەروەردە لە ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنی وڵاتانی گەشەنەسەندودا ڕۆڵی جیاوازی لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە هەبوە. لە هەندێک لە وڵاتەکاندا بوەتە هۆی کەمکردنەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی (بەتایبەت لەڕوی چینایەتی و ڕەگەزایەتییەوە) و لە هەندێکی دیکەدا بوەتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی.
لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت کە بەپێی مێتۆدێکی تایبەت هەڵسەنگاندن بۆ ئەو بابەتە بکرێت کە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لە بیست ساڵی ڕابردودا چ ڕۆڵێکی لە ڕەوتی گەشەسەندندا گێڕاوە و ئایا بوەتە هۆی کەمکردنەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی یان بوەتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی یان تەنانەت زیادکردنی ئەو نایەکسانییە. بۆ ئەم مەبەستە، هەوڵ دراوە کە ڕوانگەی خودی دەرچوانی زانکۆکان بۆ بابەتی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و هەروەها کاریگەریی زانکۆ لەسەر کەمکردنەوە یان بەرهەهێنانەوەی نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی بکرێت. لەم پەیوەندییەدا ئەم پرسیارە دێتەگۆڕێ: لە ڕوانگەی دەرچوانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانەوە، ئایا سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت زانکۆ، نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی کەم کردوەتەوە یان بەرهەمی هێناوەتەوە؟

## پێناسەی چەمکەکان و پێداچونەوەی سەرچاوەکان

### یەکەم: چەمکی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی

چەمکی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی شیکردنەوەی زۆری بۆکراوە و بوارێکی بەرفراوانە. چەپەکان بە جۆرێک و ڕاستەکان بە جۆرێکی تر پێناسەی دەکەن. لیبرالەکان و پارێزکارەکان دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە نایەکسانیی کۆمەڵایەتیدا دەبینن و پێیان وایە کە هەر تاکێک دەبێت دەرفەتی یەکسانی پێ ببەخشرێت و لەهەمبەر یاسادا یەکسان بێت بەڵام بەپێی ئەرک و ماندوبونی خۆی پلە و پایەی پێ ببەخشرێت و لە سەرچاوە ماددی و نامادییەکانی کۆمەڵگە بەهرەمەند بێت. بەڵام چەپەکان و لایەنگرانی تیۆریی ڕەخنەیی پێیان وایە کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە یەکسانیدایە و هەمو تاکەکان دەبێت بە یەکسانی لە دەرفەتەکانی نێو کۆمەڵگە و سەرچاوەکانی بەهرەمەند بن (Rawls, 1999: 5).
چەمکی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی خۆی لە چوارچێوەی پێناسەی دادپەروەریدا بەم جۆرە دەبینێتەوە: دادپەروەری بریتییە لەوەی کە هەر کەسە ئەرک و مافی خۆی پێبدرێت لە چوارچێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا. دەشکرێت بگوترێت کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی بەستراوەتەوە بەو دابەشکارییە دادپەروەرانەیەی کە دەرئەنجامەکەی لە سەرچاوە ئابوری، سیاسی و هەروەها دامەزراوە کولتورییەکانی نێو کۆمەڵگا وەرگیراوە (Deranty, 2016, 1). بە واتایەکی دیکە،

دەگوترێت کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دابەشکارییەکی دادپەروەرانە و یەکسانی سەرچاوەکانی هێز و سەپاندنە لە نێو کۆمەڵگەدا بۆ هەمو خەڵک بێ گوێدانە نەژاد و ڕەچەڵەک، تەمەن، ڕەگەز، توانای کەسی، ئاراستەی سێکسی، ئایین، هەروەها مەرجەعی ڕۆحی (Hage and others, 2011, 27-97).

ئەو تێگەیشتنەی کە ئەمڕۆ بۆ چەمکی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەیە، هەمان ئەو تێگەیشتنە باوە نییە کە لە سەردەمی ئەفلاتون و سەردەمەکانی دوای ئەویش لەمەڕ چەمکی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەبوە. بەو پێیەی لە ئێستادا دادپەروەری ئەوە دەگەیەنێت کە هەر کەسە مافی خۆی پێبدرێت. بۆیە لەم ڕووەوە تێگەیشتنمان بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە بە تێگەیشتنمان لەوەی کە ئەرک و مافی هەر تاکێک بدرێت وەک بونێکی مرۆیی (Rawls, 1999, 7-8). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە دونیای مۆدێرنی ئێستادا دابینکردنی یەکسانی بۆ هەمو خەڵک شتێکی ئاسان نییە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر ئەرک و مافی کەسەکان بدەین. لەبەر ئەوەی چەندین بنەمای جیاواز هەیە بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەوانەش مامەڵەکردن بە یەکسانی لە هەمبەر هەموکەسێک، لەبەر ئەوەی هەمو تاکەکان هەمان پێکهاتەی کەسایەتییان هەیە وەکو بونێکی مرۆیی. بە واتایەکی دیکە، تاکەکانی کۆمەڵگە جگە لە بەدەستهێنانی مافی یەکسان، دەرفەتی یەکسانیشیان بۆ دەرەخسێت چونکە بنەمای مامەڵەکردن بە یەکسانی پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تاکەکان نابێت لە یەکتری جیا بکرێنەوە لەسەر بنەمای چین، عەشیرەت، نەژاد، ڕەگەز و هیتریش بەڵکو دەبێت لەسەر بنەمای کار و کردەوەکانیان بڕیاریان لەسەر بدریت. بەڵام ئەوەی گرینگە لەم باسەدا ئەوەیە کە ناتوانرێت ئەم بنەمایە لە هەمو دۆخێکدا بە یەکسانی و دادپەروەر دابنرێت لەبەر ئەوەی لە هەندێک لایەندا بارودۆخی تاک بڕیار لەسەر دادپەروەری دەدات کە زۆر جار دادپەروەری دەبێتە هۆی دروستبونی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی (Rawls, 1999, 8). بە گشتی، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا دادپەروەریی کۆمەڵایەتی وەک یەکسانیی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکەین چونکە باوەڕمان بە تیۆریی ڕەخنەیی هەیە و تیۆرییەکانی بۆردیۆ و هۆرکهایمر کە وەک چوارچێوەی تیۆریک لەم توێژینەوەیەدا بە کار هاتون، ئاراستەی ڕەخنەییان هەیە.

## دووەم: پێداچونەوەی توێژینەوەکانی پێشو

ئەوەی لەم تەوەرەدا دەخرێتەڕو ئەو توێژینەوانەن کە لە وڵاتانی تر و لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون لەسەر بابەتی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی سیستەمی پەروەردەدا و گرنگی سیستەمی پەروەردە لە بەهێزکردن یان کاڵکردنەوەی نایەکسانییەکان.

توێژینەوەیەک لەژێر ناونیشانی "پەروەردە و چینی کۆمەڵایەتی" تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی بەردەوامیدان بە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی" لە ساڵی 2019 لە لایەن ژان-کلۆد کرۆز ( Jean-Claude Croizet) کە لە چوارچێوەی بابەتی پەروەردە و چینە کۆمەڵایەتییەکان لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن سیستەمی پەروەردە دەتوانێت نایەکسانیی کۆمەڵایەتی بەردەوام بکات. سیستەمی پەروەردە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دروستکردنی دەرفەت و ئەنجامەکانی ژیانی تاکەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە سیستەمەکە دەتوانێت نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزتر بکات، بەتایبەتی پەیوەست بە چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە. هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە یەکێک لەو ڕێگایانەی کە سیستەمی پەروەردە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی بەردەوام دەکات لە ڕێگەی دەستڕاگەیشتنێکی نایەکسان بە پەروەردەی جۆرایەتییە. خوێندکارانی چینە کۆمەڵایەتییە نزمەکان لەوانەیە ڕوبەڕوی بەربەست ببنەوە وەک قوتابخانە کەم پارەکراوەکان و سەرچاوەی

نەگونجاو و دەستگەیشتنی سنوردار بە چالاکییەکانی دەرەوەی خوێندن یان کۆرسە پێشکەوتوەکان. ئەم جیاوازییانە دەتوانن ڕێگری لە پێشکەوتنی پەروەردەییان بکەن و دەرفەتەکانی داهاتویان سنوردار بکەن.
فاکتەرێکی دیکە دیاری دەکات کە کاریگەریی چینە کۆمەڵایەتییەکانە لەسەر چاوەڕوانی و ئارەزوەکانی پەروەردە. خوێندکارانی پۆلە کۆمەڵایەتییە بەرزەکان زۆرجار دایک و باوکیان هەیە کە ئاستی خوێندنی باڵایان هەیە و زانیاری زیاتریان هەیە دەربارەی گەڕان بەدوای سیستەمی پەروەردەدا. ئەمە دەتوانێت ببێتە هۆی چاوەڕوانییەکی زیاتر و پشتیوانی بۆ دەستکەوتە ئەکادیمییەکان کە سودێکیان پێ دەبەخشێت بەسەر هاوڕێکانیان لە چینە کۆمەڵایەتییە نزمەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، پێیوایە کە تاقیکردنەوەی ستاندارد و پرۆسەی وەرگرتن لەسەر بنەمای شایستە دەتوانێت نایەکسانی کۆمەڵایەتی زیاتر بکات. ئەم سیستەمانە ئەو خوێندکارانە لە باگراوەندە تایبەتەکانەوە پەسەند دەکەن کە دەستیان بە سەرچاوەکانی ئامادەکاریی تاقیکردنەوە هەیە و دەتوانن فێرکاری تایبەت یان پەروەردەی تایبەتیان هەبێت. لە ئەنجامدا، خوێندکارانی پۆلە کۆمەڵایەتییە نزمەکان لەوانەیە ڕوبەڕوی زیان ببنەوە لە ڕوی وەرگرتنی کۆلێژ و چاوەڕوانی پیشەیی داهاتو. هەروەها ڕێگاکانی خوێندن و فێرکردن دەتوانن بەشداری بکەن لە نایەکسانی کۆمەڵایەتی. لەوانەیە پرۆگرامەکە بە شێوەیەکی پێویست ڕەنگدانەوەی ئەزمون و کلتوری خوێندکاران نەبێت لە باگگراوندی جۆراوجۆرەوە، کە دەبێتە هۆی نەبونی بەشداریکردن و پەیوەندی بۆ گروپە پەراوێزخراوەکان. ڕێگاکانی فێرکردن کە هەندێک شێوازی فێربون پەسەند دەکەن یان ڕێکخستنی پێشوەخت دەکەن لەوانەیە زیان بەو خوێندکارانە دەگەیەنێت کە لەگەڵ شێوەکە ناگونجێن. بە شێوەیەکی گشتی، توێژەر پێیوایە کە بەردەوامبونی سیستەمی پەروەردە بۆ نایەکسانی کۆمەڵایەتی کێشەیەکی ئاڵۆزە کە کاریگەری لەسەر فاکتەری جۆراوجۆر هەیە. چارەسەرکردنی ئەم جیاوازییانە پێویستی بە هەوڵدان هەیە بۆ دڵنیابون لە دەستگەیشتنێکی یەکسان بە پەروەردەی جۆرایەتی و دابینکردنی پشتیوانی بۆ خوێندکاران لە باگگراوەندە هەژارەکانەوە و بەرەودان بە کردارەکانی فێرکردنی گشتگیر و کولتوری وەڵامدەر.
لە توێژینەوەیەکی دیکەدا لەژێر ناونیشانی "هێزی پەروەردە لە بەرەنگاربونەوەی نایەکسانیدا" لە ساڵی 2019 لەلایەن (Walker, Pearce, Boe, and Lawson) تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کە چۆن پەروەردە دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە چارەسەرکردنی شێوە جیاوازەکانی نایەکسانیدا، لەوانە جیاوازیی کۆمەڵایەتی و ئابوری، نایەکسانیی ڕەگەزی و جیاکاریی ڕەگەزی یان نەژادی. توێژەران دەگەنە ئەو باوەڕەی کە دەڵێن پەروەردە توانای ئەوەی هەیە کە سوڕی هەژاری بشکێنێت بە دابینکردنی زانیاری و لێهاتویی و دەرفەت بۆ بەرزبونەوەی جوڵەی کۆمەڵایەتی بۆ تاکەکان. ئامرازە پێویستەکان بۆ تاکەکان دابین دەکات بۆ دەستەبەرکردنی کارێکی باشتر و داهاتێکی زیاتر و باشترکردنی بارودۆخی ژیان. بە وەبەرهێنان لە پەروەردەدا، کۆمەڵگەکان دەتوانن گروپە پەراوێزخراوەکان بەهێز بکەن و جیاوازیی نێوان دەوڵەمەند و هەژار کەم بکەنەوە. هەروەها پەروەردە دەتوانێت بەشداری بکات لە یەکسانیی ڕەگەزی لە ڕێگەی برەودان بە دەستگەیشتنی یەکسان بە پەروەردە بۆ کچان و ژنان. بەرەنگاری ڕۆڵی نەریتی جێندەر و ڕەگەزپەرستی دەبێتەوە، بەهێزکردنی ژنان بۆ خوێندنی باڵا و چونە ناو هێزی کار و بەشداریکردن لە پرۆسەی بڕیاردان. هەروەها پەروەردە هۆشیاری بەرز دەکاتەوە دەربارەی مافەکانی ژنان و تەندروستی زاوزێکردن و گرنگی یەکسانیی ڕەگەزی و بەهێزکردنی کۆمەڵگایەکی گشتگیرتر و یەکسانتر. لەکاتێکدا پێیان وایە پەروەردە دەتوانێت نایەکسانیی ڕەگەزی یان نەژادی چارەسەر بکات لە ڕێگەی برەودان بە هەمەجۆری و تێکەڵبون و تێگەیشتنی کولتوری، دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ تاکەکان لە باگگراوندی جیاوازەوە بۆ کارلێککردن و فێربون لە یەکتر و بەرەنگاربونەوەی پێشبینییەکان و لایەنگرییەکان. بە بەهێزکردنی هەستی هاوسۆزی و ڕێزگرتن لە هەمەجۆری،

پەروەردە دەتوانێت یارمەتی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی هاوئاهەنگتر و لێبوردەتر بدات. توێژینەوەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەروەردە بەتەنیا چارەسەرێکی گشتی نییە بۆ هەمو جۆرەکانی نایەکسانی. تیشک دەخاتە سەر پێویستی دەستگەیشتنێکی یەکسان بە پەروەردەی جۆرایەتی و سەرچاوەی گونجاو و ژینگەی فێربونی پشتگیریکار. لەگەڵ ئەوەشدا، پەروەردە دەبێت تەواو بکرێت بە سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ئابوری فراوانتر کە نایەکسانییە پێکهاتەییەکان چارەسەر دەکات و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەهێز دەکات. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە جەخت دەکاتەوە لەسەر گۆڕینی هێزی پەروەردە لە بەرەنگاربونەوەی نایەکسانیدا. تیشک دەخاتە سەر گرنگی وەبەرهێنان لە پەروەردەدا وەک ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی تاکەکان و برەودان بە جوڵەی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی گشتگیرتر و یەکسانتر.

لەلایەکی دیکەوە، وتارێک بە ناونیشانی "شێوازە نوێیەکانی دوبارە بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لە پەروەردەدا: ڕۆڵی گۆڕاوی دایک و باوکان، مامۆستایان، قوتابخانەکان و سیاسەتی پەروەردەیی" لەساڵی 2005 لە لایەن Zanten باس لەوە دەکات کە چۆن نایەکسانی کۆمەڵایەتی لە بواری پەروەردەدا بەردەوام دەبێت لە ڕێگەی فاکتەری جۆراوجۆرەوە. تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی گەشەکردنی دایک و باوک، مامۆستایان، قوتابخانەکان و سیاسەتی پەروەردەیی لەم پرۆسەیەدا. لە وتارەکەدا باس لەوە دەکات کە چۆن نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لە سیستەمی پەروەردەدا دوبارە دەبێتەوە، تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕێگایانەی کە ئەکتەرە جیاوازەکان بەشداری ئەم دیاردەیە دەکەن. لەوانەیە لێکۆڵینەوە لەوە بکات کە چۆن بەشداریکردنی دایک و باوک، جوڵەی مامۆستا-خوێندکار، سەرچاوەکانی قوتابخانە و سیاسەتی پەروەردەیی دەتوانن یان بەهێز بکەن یان بەرەنگاری نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان ببنەوە. بە شیکردنەوەی ئەم فاکتەرانە، ئامانجی ئەم وتارە ڕونکردنەوەیە لەسەر گۆڕانی دیمەنی پەروەردە و چۆنیەتی کاریگەری لەسەر نایەکسانیی کۆمەڵایەتی. لەم ڕوەشەوە تێڕوانینێک پێشکەش دەکات دەربارەی ستراتیژی یان دەستێوەردانە شیاوەکان کە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ چارەسەرکردنی و کەمکردنەوەی ئەم نایەکسانییانە لە ڕێکخستنی پەروەردەییدا.

یەکێکی دیکە لەو وتارانەی کە باس لە نایەکسانی دەکات لە وڵاتانی جیهان ئەم وتارە یە بەناوی "سەرمایەی کولتوری و نایەکسانی: کێشەی سیاسەت" لە ساڵی 2006 لە لایەن Tony Bennet, Eluzabeth B. Silva کە بەم جۆرە لێکدانەوە دەکەن بۆ چەمکی سەرمایەی کولتوری ئاماژە بەو سامانە نادارایيانە دەکات کە تاکەکان خاوەنیانن، وەک پەروەردە، شارەزایی، زانین و ئەزمونی کولتوری. ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن سەرمایەی کولتوری کاریگەری لەسەر نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابوری لە کۆمەڵگادا هەیە. هەروەها باس لەوە دەکات کە چۆن تاکەکان لە باگگراوەندە تایبەتەکانەوە دەتوانن دەستڕاگەیشتنی زیاتریان هەبێت بە سەرمایەی کولتوری کە لە بەرامبەریشدا سودیان پێدەبەخشێت لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، لەوانە پەروەردە، کار و جوڵەی کۆمەڵایەتی. ئەم توێژینەوەیە باس لەو ڕێگایانە دەکات کە تێیدا سەرمایەی کولتوری بەدەست دەهێنرێت و دەگوازرێتەوە، وەک لە ڕێگەی باگگراوندی خێزانی، سیستەمی پەروەردە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە. هەروەها لەوانەیە ڕۆڵی سەرمایەی کولتوری لە شێوەی نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکاندا ببینێت، لەوانە جیاوازییەکان لە بەدەستهێنانی پەروەردە، داهات و دۆخی کۆمەڵایەتی. هەروەها، توێژینەوەکە لێکۆڵینەوە لە کێشە سیاسییەکان و چوارچێوەکانی پەیوەست بە سەرمایەی کولتوری و نایەکسانی دەکات. لەوانەیە باس لە ستراتیژی و دەستێوەردانە شیاوەکان دەکات کە سیاسەتمەداران دەتوانن جێبەجێی بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم نایەکسانییانە و برەودان بە دەستڕاگەیشتنی یەکسانتر بە سەرمایەی کولتوری. ئەمەش چاکسازی لە

پەروەردە و دامەزراوە کولتورییەکان و سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکاندا لەخۆبگرێت بۆ دڵنیابون لەوەی کە تاکەکان لە هەمو بارودۆخێکەوە دەرفەتی یەکسانیان هەیە بۆ بەدەستهێنان و سودوەرگرتن لە سەرمایەی کولتوری.

ئەم توێژینەوانەی لەسەرەوە خراونەتەڕو ئەو توێژینەوانەن کە لە جیهاندا کراوە لەسەر پرسی دادپەروەری و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و لە پەیوەندیدا لەگەڵ سیستەمی پەروەردەدا. ئیستاش چەند توێژینەوەیەکی تر دەخەمەڕو کە لە کوردستان کراوە لەسەر هەمان پرس.

لە توێژینەوەیەکدا لەژێر ناونیشانی "سیستەمی پەروەردە: سیاسەتی سیستەمی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان لە باخچەی ساوایانی گشتی" کە لە ساڵی 2021 لە لایەن (بەیاد علی، بەیار گەردی، و ئەوانیتر) بەئەنجام گەیشتوە، ئەوە دەخەنەڕو کە سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی لە بواری باخچەی ساوایانی گشتیدا. سیاسەتی سیستەمی پەروەردەیی لەم ناوچەیەدا ئامانجی دابینکردنی پەروەردەی جۆرایەتی و دەرفەتی یەکسانە بۆ هەمو منداڵان بەبێ گوێدانە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوریان. لە هەرێمی کوردستان باخچەی ساوایان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ئامادەکردنی منداڵان بۆ خوێندنی سەرەتایی. ئەم باخچەی ساوایانە جەخت لەسەر پەرەپێدانی گەشەی گشتگیر لە منداڵان دەکەنەوە، لەوانە گەشەی زانستی، کۆمەڵایەتی، هەستی و جەستەیی. پرۆگرامەکە دیزاین کراوە بۆ ئەوەی سەنتەری منداڵان بێت، هاندانی فێربونی چالاک لە ڕێگەی یاریکردن، دۆزینەوە، و چالاکی دەستی. جەخت دەکەنە سەر یەکێک لە لایەنە سەرنجڕاکێشەکانی سیاسەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان جەختکردنەوەیە لەسەر پەروەردەی فرەزمانی. زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی زمانی سەرەکی فێرکردنن لە باخچەی ساوایان. ئامانجی ئەم ڕێگایە برەودانە بە هەمەجۆریی زمان و دڵنیابون لەوەی کە منداڵان توانای زمانیان هەیە کە سودیان لێوەردەگرێت لە هەوڵە ئەکادیمی و پیشەییەکانیان لە داهاتودا.

هەروەها سیاسەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان گرنگی بەشداریکردنی دایک و باوک لە پەروەردەی منداڵاندا دەزانێت. دایک و باوکان هاندەدرێن بۆ بەشداریکردنێکی چالاکانە لە پرۆسەی فێربونی منداڵەکانیان لە ڕێگەی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ مامۆستاکان و بەشداریکردن لە کۆبونەوەکانی دایک و باوک و مامۆستایان و بەشداریکردن لە چالاکی جۆراوجۆری قوتابخانە. ئەم ڕێگایە هاوکارییە لە نێوان دایک و باوک و پەروەردەکاران یارمەتیی دروستکردنی ژینگەیەکی پشتگیریکار و بەخێوکەر دەدات بۆ گەشتی پەروەردەیی منداڵان. ئەو لایەنەی بەلای توێژەرەکان جێی ئاماژەیە ئەوەیە کە سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی لە پەرەسەندندایە، لەگەڵ هەوڵە بەردەوامەکان بۆ باشترکردنی ژێرخان و ڕاهێنانی مامۆستایان و پەرەپێدانی بەرنامەی خوێندن. ئامانجی ئەم دەستپێشخەرییانە بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەیە و دڵنیابون لەوەی کە هەمو منداڵێک لە هەرێمەکەدا دەتوانێت ئەزمونێکی پەروەردەیی گشتگیری هەبێت. ئامانجیشیان لەم توێژینەوەیە ئەوەیە ئەوە دەربخەن کە کێشەی سیستەمی پەروەدەیی هەرێمی کوردستان نەبونی کارامەییە لە توێژینەوە و کەمی مەعریفە و کەمی دامەزراوەی پەروەردەیی.

یەکێکی دیکە لەو توێژینەوانەی لەسەر کوردستان خراوەتەڕو ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "دەستپێشخەری لە گەشەدان بە جۆرایەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستانی عیراق" لەساڵی 2016 لەلایەن (Georges Vernez Shelly Culberston) کە تیایدا باس لەوە دەکەن کە لەم ساڵانەی دواییدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەری جۆراوجۆری جێبەجێکردوە بۆ باشترکردنی جۆرایەتیی پەروەردە لە ناوچەکەدا. ئامانجی ئەم دەستپێشخەرییانە چارەسەرکردنی کێشەکانی وەک پرۆگرامە کۆنەکان، نەبونی ژێرخان، کەمیی مامۆستایان و سنوردارکردنی دەستگەیشتن بە

سەرچاوە پەروەردەییەکان. یەکێک لە دەستپێشخەرییە سەرەکییەکان چاکسازییە. حکومەتی هەرێمی کوردستان کار دەکات بۆ نوێکردنەوە، نوێکردنەوەی بەرنامەی خوێندن بۆ ئەوەی لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێت و برەودان بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنان و کارامەییەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان. ئەمە پێداچونەوە بە کتێبەکان و تێکەڵکردنی بابەتی نوێ و تێکەڵکردنی تەکنەلۆژی لە پرۆسەی فێربون دەگرێتەوە. یەکێکی دیکە لەو بوارانەی جەختی دەکەنە سەر ڕاهێنان و گەشەپێدانی پیشەیی مامۆستایانە. حکومەتی هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان دەکات لە پرۆگرامەکانی ڕاهێنان بۆ بەرزکردنەوەی توانا و زانیاری مامۆستایان. ئەمە ۆرکشۆپ و سیمینار و بەرنامەکانی ئامۆژگاری دەگرێتەوە بۆ باشترکردنی شێوازەکانی فێرکردن و بەڕێوەبردنی پۆل و شارەزایی تایبەت بە بابەتەکان. هەروەها گەشەپێدانی ژێرخانیش بە یەکێکە لە ئەولەویەتەکان ئەژماردەکەن. توێژەران پێیان وایە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان قوتابخانەی نوێ دروست دەکات و دامەزراوەکانی ئێستا نوێ دەکاتەوە و پۆلەکان بە تەکنەلۆژیا و سەرچاوە مۆدێرنەکان دابین دەکات. ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ فێربون و دڵنیابون لەوەی کە خوێندکارەکان دەستیان بە ئامرازە پەروەردەییە پێویستەکان دەگات.

بۆ بەرەوپێشبردنی پەروەردەی گشتگیر، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەری جێبەجێکردوە بۆ پشتگیریکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت. ئەمە دابینکردنی ڕاهێنانی تایبەت بۆ مامۆستایان و گونجاندنی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پشتگیری دەگرێتەوە بۆ دڵنیابون لەوەی هەمو خوێندکارەکان دەرفەتی یەکسانیان هەیە بۆ فێربون و سەرکەوتن. لەگەڵ ئەوەشدا، باس لەوە دەکەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ئاژانسە بەخشەرەکان پەرەپێدەدات بۆ دەستگەیشتن بە سەرچاوە و شارەزایی زیاتر. ئەم هاوکارییانە یارمەتیدەرن لە جێبەجێکردنی بەرنامە پەروەردەییە داهێنەرەکان، باشترکردنی جۆرایەتی مامۆستایان و فراوانکردنی دەستگەیشتن بە دەرفەتەکانی پەروەردە. بە شێوەیەکی گشتی، لەدەرئەنجامی توێژینەوەکەدا ئەوە دەخەنەڕو کە دەستپێشخەرییەکان بۆ باشترکردنی جۆرایەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستانی عێراق جەخت لەسەر چاکسازی لە بەرنامەی خوێندن، ڕاهێنانی مامۆستایان، پەرەپێدانی ژێرخان، پەروەردەی گشتگیر و هەماهەنگی نێودەوڵەتی دەکاتەوە. ئامانجی ئەم هەوڵانە باشترکردنی ئەزمونی فێربون و ئامادەکردنی خوێندکاران بە شارەزایی پەیوەندیدار و ئامادەکردنیان بۆ ئاستەنگی و دەرفەتەکانی داهاتو.

دوا توێژینەوە کە لە کوردستان لەسەر پرسی سیستەمی پەروەردە و نایەکسانی خرابێتەڕو ئەم وتارەیە بە ناونیشانی "لێکۆڵینەوە لەسەر ئەزمونەکانی ژنانی کورد لەگەڵ خوێندن لە کوردستان لەگەڵ ڕێز بۆ سەرکوتکردن" لە ساڵی 2018 لەلایەن (گوڵان ئەبوزیات) ئەنجام دراوە. ئامانجیشی لەم وتارە لێکۆڵینەوەیە لە ئەزمونی ژنانی کورد لە دەستگەیشتن و بەشداریکردن لە پەروەردە لە چوارچێوەی کوردستاندا، بە جەختکردنەوە لەسەر بونی فاکتەری سەرکوتکەر. کە لێکۆڵینەوە لەو شێوە جۆراوجۆرانەی چەوسانەوە دەکرێت کە ژنانی کورد ڕوبەڕوی دەبنەوە، وەک جیاکاری لەسەر بنەمای جێندەر، نۆرمە کولتورییەکان و فاکتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کە دەتوانن ڕێگری لە دەرفەت و ئەنجامە پەروەردەییەکانیان بکەن. لە لێکۆڵینەوەکەدا میتۆدەکانی توێژینەوەی جۆرایەتی بەکارهاتوە، وەک چاوپێکەوتن و ڕاپرسی، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ڕاستەوخۆ لە ژنانی کورد دەربارەی ئەزمونەکانیان لە پەروەردەدا. بە ئامانجی ئەوەی بابەتەکانی وەک بەربەستەکانی بەردەم پەروەردە بدۆزێتەوە، لەوانە دەستگەیشتنی سنوردار، هاوسەرگیری پێشوەختە، چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان و توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر. هەروەها ئەم وتارە لێکۆڵینەوە لە کاریگەری ئەم فاکتەرە

سەرکوتکەرانە دەکات لەسەر ئارەزوە پەروەردەییەکانی ژنانی کورد، دەستکەوتەکان و خۆشگوزەرانی بە گشتی. لەگەڵ ئەوەشدا، وتارەکە باس لە ڕۆڵی نۆرمە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکان دەکات لە بەردەوامیدان بە چەوسانەوە و سنوردارکردنی دەرفەتی پەروەردەیی بۆ ژنانی کورد. بۆ ئەمەش شیکردنەوەی کارلێکی نێوان بەها نەریتییەکان، پێکهاتە پیاوسالارییەکان، و سیاسەتەکان یان کردارە پەروەردەییەکان دەکات کە بەشدارن لە نایەکسانیی ڕەگەزی لە پەروەردەدا. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر ئەو ئاستەنگانەی کە ژنانی کورد ڕووبەڕوی دەبنەوە لە دەستگەیشتن بە خوێندن و تیشک دەخاتە سەر پێویستیی دەستێوەردانی بەئامانجکراو و گۆڕینی سیاسەت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە. وتارەکە بە گفتوگۆکردن لەسەر ستراتیژیی شیاو بۆ برەودان بە یەکسانیی ڕەگەزی لە پەروەردەدا و بەهێزکردنی ژنانی کورد و دروستکردنی ژینگەیەکی پەروەردەیی گشتگیرتر و پشتگیریکارتر کۆتایی پێدێنێت.

لە چوارچێوەی خستنەڕوی ئەم توێژینەوانە گەیشتینە ئەوەی کە سیستەمی پەروەردە سیستەمێکی ئاڵۆزە و پەیوەندیدارە بە زۆرێک لە پرۆسەکان و بەتایبەت پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبونی تاک و کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لە گەشەسەندنی بوار و توانا مرۆییەکان وەک کارامەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفی. ڕۆڵیش دەبینێت لە دیاریکردنی ڕۆڵ و پێگەی کەسەکان لە کۆمەڵگادا کە ئەمانەش هەمو دەبنە بنەمایەک بۆ دروستبونی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و هەروەها کەمکردنەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی. کۆمەڵێک فاکتەری بەرچاویش دەخرێتەڕو کە دەبنە هۆی بەهێزبون و دوپاتکردنەوەی ئەو نایەکسانیە لەوانە لایەنی ئابوری و هەروەها باکگراوندی خێزانی و کۆمەڵێک فاکتەری تر لە زۆربەیان ئەوە خراوەتەڕو کە پەروەردە یەکەیەکە بۆ هێنانەدی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و یارمەتیدەرە لە گەشەسەندنی. بەڵام ئەوەی من لە توێژینەوەکەمدا جەختم لەسەریەتی ئەوەیە کە بەپێی تیۆریی بۆردیۆ لە چوارچێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی بە پێی جۆرەکانی سەرمایە نایەکسانی بونی هەیە بەڵام چۆن سیستەمی پەروەردە ئەم نایەکسانیە بەرهەم دێنێتەوە یاخود کاڵی دەکاتەوە پرسی سەرەکی توێژینەوەکەمە.

## چوارچێوەی تیۆری

لە تیۆریی کۆمەڵایەتیدا پەیوەندیی نێوان سیستەمی پەروەردە و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە واتای یەکسانیی کۆمەڵایەتی لە لایەن چەندین تیۆریستەوە باس کراوە. زۆربەی ئەو تیۆریستانە باسی بەرهەمهاتنەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لە چوارچیوەی سیستەمی پەروەردا دەکەن (کەسانی وەک پائۆلۆ فرایرە و پییەر بۆردیۆ). هەندێکیشیان باسی کاریگەریی سیستەمی پەروەردەی مۆدێرن لەسەر کەمکردنەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکەن. بەڵام لەم توێژینەوەیەدا لە تیۆریی بۆردیۆ سەبارەت بە جۆرەکانی سەرمایە کەڵک وەردەگرین لەبەر ئەوەی کە ئێمە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی وەک یەکسانیی تاکەکان و گروپە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرچاوە بەهادارەکانی کۆمەڵگە پێناسە دەکەین و بۆردیۆ باسی ئەو سەرچاوانە لە چوارچێوەی جۆرەکانی سەرمایەدا دەکات. پاشان بۆ کامڵترکردنی چوارچێوەی تیۆریک لە تیۆریی هۆرکهایمر سەبارەت بە هەستی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە لای کرێکارانی دامەزراو و دانەمەزراو کەڵک وەردەگرین.

**تیۆریی بۆردیۆ سەبارەت بە جۆرەکانی سەرمایە:** پییەر بۆردیۆ، کۆمەڵناسی فەرانسی، کاتێک باسی یەکسانیی کۆمەڵایەتی دەکات، سودمەندبونی تاکەکان لە چەندین جۆر سەرمایە دەخاتە بەر باس. بەو پێیە، باسی چەندین جۆر سەرمایەی وەک سەرمایەی ماددی، سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی کولتوری دەکا. سەرمایەی ماددی هەمان سەرمایەی ئابورییە کە پێشتریش لە لایەن ئابوریزانانەوە باس کراوە. بەڵام بۆردیۆ پێی وایە کە چەندین جۆر سەرمایەی دیکەش هەن

کە پیویستە سەرنجیان پێ بدەین. بەتایبەت سەرمایەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم باسە گرینگە. سەرمایەی کۆمەڵایەتی کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکان و گروپە کۆمەڵایەتییەکانە کە وەک تۆڕێک دەبێتە هۆی دەستڕاگەیشتنی تاک بە سەرچاوە بەنرخەکانی نێو کۆمەڵگە. کاتێک سەرمایەی کۆمەڵایەتیی تاک زیاد بکا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاک بتوانێ ئەو جۆرە لە سەرمایە بکاتە سەرمایەی ماددی و سەمبۆلیک. سەرمایەی کولتوری بە ئاستی خوێندەواری دەگوترێت. لێرەدا ئاستی خوێندەواری تەنیا بە واتای بڕوانامەی خوێندن نییە بەڵکو کۆی ئەو بەرهەمە کولتوریانەی کە تاک یان گروپی کۆمەڵایەتی لێیان سودمەند بوە، دەبێتە سەرمایەی کولتوریی ئەوان؛ وەک کتێب، موزیک، فیلم و هتد. هەرچەندە لەوانەیە کەسێک لە دەرەوەی سیستەمی خوێندنی ئاکادێمیک لەو بەرهەمە کولتوریانە سودمەند بێت، بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا ئەو کەسانەی کە خوێندنی ئاکادێمیکیان هەیە، بە شێوەیەکی سیستماتیک سەرمایەی کولتورییان بەرز دەبێتەوە. ئەم بابەتە دەبێتە هۆی جیاوازیی ئەوان لە کەسانی دیکە. هەروەها سەرمایەی کولتوری دەبێتە جۆرەکانی دیکەی سەرمایە (Bourdieu, 1986).

**تیۆریی ماکس هۆرکهایمر:** ماکس هۆرکهایمر وەک یەکێک لە بناغەدانەرانی تیۆریی ڕەخنەیی واتە قوتابخانەی فرانکفۆرت دەناسرێت. هۆرکهایمر وەک داڕێژەری سەرەکیی تیۆریی ڕەخنەیی دەناسرێ. وتاری "تیۆریی نەریتی و تیۆریی ڕەخنەیی" وەک بەردی بناغەی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەناسرێ. لەم وتارەدا هۆرکهایمر جیاوازی دادەنێ لە نێوان تیۆریی نەریتی و تیۆریی ڕەخنەیی. هۆرکهایمر دەڵێ تیۆریی نەریتی لە ژێر کاریگەریی زانستی سروشتیدا لە زانستی مرۆییدا باو بوە و وەک پۆزیتیڤیزم بەسەر زانستی مرۆییدا زاڵ بوە. تیۆریی نەریتی بانگەوازی دەربڕینی هەندێک ڕاستی دەکا و دەڵێ لەگەڵ فاکتە کۆمەڵایەتییەکان یەک دەگرێتەوە و فاکتەکان دروستیی ئەو دەسەلمێنن. تیۆریی نەریتی نامێژوییە و چەمکە کۆمەڵایەتییەکان وەک شتی نەگۆڕ و بێ-دژایەتی دەناسێنێ؛ وەک ئەوەی کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشەیی و نەگۆڕن. بەڵام تیۆریی ڕەخنەیی لە بنەڕەتدا هیگلی و دیالێکتیکییە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان وەک ڕاستەقینەی ئۆبژێکتیڤ و لەپیشەوە دیاریکراو لە قەڵەم نادا بەڵکو چەمکەکانی خۆی لە بەستێنی پرۆسەی لە حاڵی گۆڕانی پراکسیسی مێژوویی هەڵدێنجێ. بە بڕوای هۆرکهایمر، بیرمەندی ڕەخنەیی خۆی بەشێکە لە پرۆسەی پراکسیسی مێژوویی. بیرمەندی ڕەخنەیی تەنیا هەلومەرجی مێژوویی وەسف ناکا بەڵکو خۆی وەک بەشێک لە هێزێکی مێژوویی بۆ گۆڕینی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی-سیاسی هەوڵدەدا. بەگشتی، هۆرکهایمر تیۆریی ڕەخنەیی ئاوا پێناسە دەکا: تیۆرییەک کە جگە لە شیکردنەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی، لایەنی کردەیی هەیە و نۆرماتیڤیشە (Horkheimer, 2002, pp. 206-213) واتە دەڵێت چ باشە و چ خراپە و دەبێ چ بکرێت.

نوسینە سەرەتاییەکانی هۆرکهایمر زیاتر دڵەڕاوکێی مەترسیی قەیرانی کاپیتالیسم و پەیوەندیی نێوان ئەو قەیرانە و سەرهەڵدانی بزوتنەوە ڕاست و دەسەڵاتخوازەکانی پێوە دیارە. هۆرکهایمر تیۆریی خۆی لەسەر دو تەوەری مێژوویی و کۆمەڵایەتی دادەمەزرێنێ واتە هەم گرینگی بە ڕابردو دەدا و هەم بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی هەنوکەیی. بەگشتی، هۆرکهایمر تیۆرییەکی لە تێکەڵاوکردنی سێ نەریتی هزری خوڵقاند: ئابوریی سیاسی و ڕەخنەی ئیدیۆلۆژیی مارکس، دەرونشیکاری، و توێژینەوەی کۆمەڵایەتیی ئەزمونی (empirical social research) بۆ نمونە، هۆرکهایمر لە وتارێکدا بە ناوی "گرینگیی چینی کرێکاری ئەلمانیا" بابەتی کاریگەریی گۆڕانکاریی تێکنۆلۆژیک لەسەر پێکهاتەی چینی کرێکاری ئەلمانیای تاوتوێکرد و نیشانی دا کە چۆن کەلێنێکی سیاسی و ئیدیۆلۆژیک لە نێوان کرێکارانی دامەزراو و کرێکارانی

دانەمەزراودا سازبوە. کرێکارانی دامەزراو پشتیوانی پارتی سۆسیال-دیموکرات بون کە ڕیفۆرمیست بو بەڵام کرێکارانی دانەمەزراو لایەنگری پارتی کۆمونیستی ئەلمانیا بون (Abromeit, 2010, 53)

ئێمە لەو توێژینەوەیەدا دەمانەوێت ئەو تیۆرییەی هۆرکهایمر لە بەستێنی کوردستاندا بەکاربهێنین و بزانین ئایا ڕوانگەی خوێندەوارانی دامەزراو و دانەمەزراو جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە یان نا. بۆ ئەو مەبەستەش نمونەی توێژینەوەکەمان هەم لە خوێندەوارانی دامەزراو وەرگرتوە و هەم لە خوێندەوارانی دانەمەزراو. بە کورتی، ئەگەر ئەم تیۆریانە بۆ بابەتی خۆمان بەکاربهێنین، بەو شێوازە دەبێت: تیۆریی بۆردیۆ سەبارەت بە جۆرەکانی سەرمایە لە بەستێنی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا بەو واتایە ئەم بابەتە هەڵسەنگێنین کە ئایا ئەم سیستەمە بوەتە هۆی زۆربونی جۆرەکانی سەرمایە (سەرمایەی ئابوری، سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی کولتوری) یان بەپێچەوانەوە، نایەکسانییەکانی نێو کۆمەڵگەی بەرهەم هێناوەتەوە. هەروەها بەکارهێنانی تیۆریی هۆرکهایمر لە بەستێنی کۆمەڵگەی کوردستاندا بەو واتایە دێت کە ڕوانگەکانی دەرچوە دامەزراوەکانی زانکۆکان سەبارەت بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەتا چ ڕادەیەک جیاوازە لە ڕوانگەکانی دەرچوە دانەمەزراوەکان. بە سەرنجدان بە دەرکەوتە سیاسی و ئەمنییەکانی ئەم بابەتە بۆ داهاتوی کۆمەڵگە پەیوەندیی نێوان تیۆری و نمونەی توێژینەوە ڕونتر دەبێتەوە.

## مێتۆدۆلۆژی

لەم توێژینەوەیەدا لە مێتۆدی شیکاریی گێڕانەوە کەڵک وەردەگرین. ئەم مێتۆدە پشت بە گێڕانەوەی تاکەکان لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت و هەوڵدەدات ئەو شتەی لە دەرونی تاکەکاندا هەیە هەڵێنجێت. هەرچەندە مێتۆدی شیکاریی گێڕانەوە لە تەکنیکی چاوپێکەوتن بۆ کۆکردنەوەی داتا کەڵک وەردەگرێت بەڵام لەڕوی مەعریفەناسی و بوناسییەوە جیاوازە. بەپێی بنەما فەلسەفییەکانی شیکاریی لێکدانەوە، ڕاستی (truth) بابەتێکی ئۆبژێکتیڤ نییە کە ئێمە بتوانین پێی بگەین بەڵکو لە پێرسپێکتیڤی مرۆڤ گرێدراوە (Riessman, 1993). بۆ نمونە، بون یان نەبونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی وەک یەکسانیی کۆمەڵایەتی بابەتێکی ئۆبژێکتیڤ لە دەرەوەی زەینی مرۆڤدا نییە بەڵکو لە ڕوانگەی ئەندامانی کۆمەڵگە گرێ دراوە. واتە ئەوە پێرسپێکتیڤ و تێگەیشتنی ئەندامانی کۆمەڵگە، چ وەک تاک و چ وەک گروپە، کە دیاری دەکات چ شتێک وەک دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم بدرێت و چ شتێک وەک نادادپەروەری بناسرێت.

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە پارێزگەی هەولێرە. نمونەی توێژینەوە بریتییە لە دەرچوانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، ئەوانەی دامەزراون یان دانەمەزراون. دوازدە دەرچوی زانکۆ لە شارەکان و گوندەکانی هەولێر، سۆران، ڕەواندز و چۆمان لە هەردوک ڕەگەزی نێر و مێ وەک نمونە دیاری کراون. جۆری نمونەی ئەم توێژینەوەیە نمونەی مەبەستدارە. دەرچوانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە هەردوک ڕەگەزی نێر و مێ وەک نمونە دیاری کران بۆ ئەوەی کە بالانسی جێندەری بپارێزرێت. هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ هەردوک گروپی دەرچوانی دامەزراو و دانەمەزراو کرا بۆ ئەوەی کە ڕوانگەکانی ئەوان سەبارەت بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندی لەگەڵ پێگەی کۆمەڵایەتییان ڕون بێتەوە. لە مێتۆدی شیکاریی گێڕانەوەدا لە ئامرازی چاوپێکەوتن کەڵک وەردەگرین بەڵام شێوازی بەکارهێنانی چاوپێکەوتن لێرەدا جیاوازە. لەم مێتۆدەدا دەرفەتی ئەوە بە لێتوێژراوان دەدرێت کە بە تێروتەسەلی باسی ژیانی خۆیان و ئەزمونەکان و ڕوانگەکانی خۆیان بکەن.

## ئەنجامەکان

لێرەدا ئەنجامەکانی توێژینەوە بەپێی مێتۆدی شیکاریی گێڕانەوە دەخەینەڕو. هەروەک ڕونمان کردەوە، لە مێتۆدی شیکاریی گێڕانەوەدا پشت بە گێڕانەوەی خودی لێتوێژراوان دەبەسترێت بۆ ئەوەی کە ڕوانگەی ئەوان سەبارەت بە بابەتی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەڵێنجین و بزانین کە ئەوان پێیان وایە سیستەمی خوێندنی هەرێمی کوردستان چۆن کاریگەریی لەسەر دابینکردنی یەکسانیی کۆمەڵایەتی بۆ خوێندەواران داناوە. بەم شێوازە، نەک هەر ئەو شتەی لە هەستی ئەواندایە دەردەکەوێت بەڵکو بە شێوازی ناڕاستەوخۆ نەستی ئەوانیش دەردەخات. واتە ئەو بابەتانەی لە نەستی خوێندەواراندایە و ئەوان ناتوانن بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەریبڕن، دەردەکەوێت.

بۆ نمونە، لێتوێژراوی یەکەم سەبارەت بە کاریگەریی خوێندنی زانکۆ لەسەر باری ئابوری، دەڵێت: "بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئیشی پێش زانکۆم درێژە پێدابا کە کارکردن لە ڕێکخراوەندا بو، باری ئابوریم چەند قات باشتر دەبو لە ئێستا. واتە لە چینی ناوەندەوە دەچومە چینی دەوڵەمەند." بەڵام لەروی کۆمەڵایەتییەوە، لێتوێژراوی یەکەم پێی وایە کە زانکۆ دەرفەتی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نوێی بۆ ڕەخساندوە بە حوکمی ئەوەی کە تێکەڵاوێکە لە چەندین کولتور و وردەکولتوری ناوچەیی هەرێمی کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستانیش. لەڕوی کولتورییەوە، لێتوێژراوی یەکەم پێی وایە کە هەوڵی سیستەمی پەروەردە ئەوەیە کە تاکی پسپۆڕ دروست بکات، بەڵام خۆپێگەیاندنی خۆی بەرهەمی دەرەوەی زانکۆ دەزانێت. ئەو پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ مامۆستاکانی دیکە و لەگەڵ چینی ڕۆشنبیر پێ گرینگترە لەو بابەتانەی کە زانکۆ بۆی دابین کردوە و دەڵێ"زانکۆ سنوردار بو بەڵام لە دەرەوەی زانکۆ هیچ سنورێک نەبو بۆ فێربون هەربۆیە باشتر فێر بوم."

بە گشتی، لێتوێژراوی یەکەم کە پیاوێکی دامەزراوە هەست بە نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکات و دەڵێت "ماندوبون دەبێ بەرامبەر دەستکەوت بێت. ئێستا دەبێت حەفتانە سی کاتژمێر ئیش بکەم. من پێویستیم بە ئینتەرنێت، کتێب، سەفەر و مەسروفاتی دیکە هەیە. لەبەرامبەردا پۆلیسێک پازدە ڕۆژ دەچێتە دەوام. لە کاتی دەوامدا نانی پێدەدەن. لە هەمان کاتدا دو قاتی مامۆستایەکی زانکۆ موچە وەردەگرێت... لە کۆمەڵگەی ئێمەدا چەکداری بەهای هەیە، نەک بڕوانامەی زانکۆ چونکە لەدوای شۆڕشی لەشکری، شۆڕشی مەعریفی دروست نەکراوە بەڵکو بە عەقڵیەتی شاخ دەجوڵێینەوە".

وەک نمونەیەکی دیکە، ئاماژە بە گێڕانەوەی لێتوێژراوی دوەم دەکەین. لێتوێژراوی دوەم بەم جۆرە باسی ژیانی خۆی و خێزانی دەکات لەڕوی ئابوری، کۆمەڵایەتی و کولتورییەوە: "لە ڕوی ئابورییەوە مامناوەندین لەگەڵ ئەوەی هیچ کام لە دایک و باوکم موچەخۆر نین. باوکم کاسب بوە تاکو لە ساڵی 2009 وەک فەرمانبەرێکی ئاسایی دەست بەکار بو. لەڕوی خوێندەوارییەوە، دایکم ژنی ماڵەوەیە و خوێندەوار نییە و باوکیشم تەنها نوسین و خوێندنەوارییەکی سەرەتایی هەیە بەڵام بڕوانامەی نییە. بە گشتی لە خێزانێکی داخراوین بەڵام بە حوکمی ئەوەی لە خێڵ و عەشیرەتی خۆمان جیا بوینەوە پەیوەندییەکانمان تۆزێ کراوەتر بون و بەهۆی کار و دراوسێیەتییەوە تێکەڵیمان پەیداکردوە."

لێتوێژراوی دوەم سەبارەت بە کاریگەریی زانکۆ لەسەر بەرەوپێشچونی لایەنی ئابوری دەڵێت "بە هۆی سەرکەوتنم لە پرۆسەی خوێندن لەزانکۆ و یەکەمبونم، دەرگام بۆ واڵا کرا کە بە هاوکاریی مامۆستاکانم وەک خۆبەخشێک لە سەنتەری کۆڕۆنا دەست بەکار بکەم. دواتر بە بڕینەوەی موچەیەک زەحمەتییەکانمان لەبەرچاوگیرا و بەهۆی سەرکەوتنم لە خوێندن ئێستا وەک گرێبەستێک لە سەنتەری توێژینەوەی زانستی خەریکی کارم و لەگەڵ ئەوەشدا توانیم بڕوانامەی ماستەریش بەدەست بێنم، هەربۆیە پێموایە گەر بەدوای کاری دیکەدا گەڕابام نەدەگەیشتمە ئەو ئاستەی سەرکەوتن کە ئێستا بە دەستم هێناوە لە چوارچێوەی پرۆسەی خوێندندا."

لەگەڵ ئەوەشدا لێتوێژراوی دوەم سەبارەت بە لایەنی کۆمەڵایەتی پێیوایە کە "زانکۆ دەرفەتی کرانەوەی کردوەتەوە بۆم بۆ ناسینی هاوڕێی نوێ و کەسایەتیی نوێ و جیاواز چونکە لە سەردەمی قوتابخانەکەسێکی زۆر شەرمن و داخراو بوم، بۆیە زانکۆ ئەو ڕێگایە بو کە من بکرێمەوە قۆناغ بە قۆناغ لە ئەزمونەکانی ژیانم زیاتر پێش بکەوم"

هەروەها لێتوێژراوی دوەم لە ڕوی کولتورییەوە باس لەوە دەکات "کە تاک دەتوانێت لە ڕێگای خوێندنەوەی کتێبی جیاوازەوە خۆی پەروەردە بکات و پێبگەینێت و کاریگەریش دروست بکات بەڵام زۆر هێواش و لەسەرەخۆ دەبێت، بەڵام ئەو ئەزمونەی لەچوارچێوەی پرۆسەی خوێندن و بەتایبەت لەناوەندێکی ئەکادیمی وەکو زانکۆ بەدەستی دێنێت دەتوانێت لەرێیەوە کاریگەری لە چواردەور و کۆمەڵگەش دروست بکات و کاریگەرییەکی خێرای هەبێت."

بەگشتی، لێتوێژراوی دوەم کە ئافرەتێکی دامەزراوە پێی وایە لە کۆمەڵگەی باشوری کوردستان نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەیە بەڵام ئەو نادادپەروەرییە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە حکومەت لە دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆکاندا کەمتەرخەمە و پێی وایە "حکومەت بەرپرسە لە دەستڕانەگەیشتنی تاک بەو حەقەی کە هەیەتی و هەولوماندوبونی تاکەکان لەبەرچاو نەگیراوە. حکومەت لە نەبونی پرۆگرامێکی ڕێک بۆ قەیرانەکان بەرپرسیارە، نەک تاک کە بە هەوڵوماندوبون و شەونخونییەکانیشی ناگاتە ئەو ئاستەی کە ئەو پلانی بۆ داناوە ئەمەش لە کەمتەرخەمییە چونکە قوتابی کە دەردەچێت بە پلەیەکی بەرز چاوەڕێی دامەزراندن دەکات."

هەروەک باس کرا، لەم توێژینەوەیەدا لەگەڵ دوازدە دەرچوی زانکۆکان لە پارێزگەی هەولێر چاوپێکەوتن لەسەر بنەمای شیکاریی گێڕانەوە کراوە. گێڕانەوەی لێتوێژراوانی دیکەش بە گشتی پێشانمان دەدات کە هەمو لێتوێژراوان پێیان وایە کە لە کۆمەڵگەی کوردستان نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە واتای نایەکسانیی کۆمەڵایەتی هەیە و سیستەمی پەروەردە، بەتایبەت خوێندنی زانکۆ، نەیتوانیوە ئەو نایەکسانییە کەم بکاتەوە بەڵکو بەرهەمی هێناوەتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا زۆربەی لێتوێژراوان لە هەردوک ڕەگەزی نێر و مێ پێیان وایە کە خوێندنی زانکۆ بوەتە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی کولتوریی ئەوان. دیارە کە ئەو بۆچونانە لەگەڵ بۆچونی لێتوێژراوان سەبارەت بە بەرهەمهاتنەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی دژایەتی هەیە کە ئەوە نیشان دەدات کە زۆربەی لێتوێژراوان تێگەیشتنێکی ئاساییان لە چەمکی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەیە کە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا زیاتر لەژێر کاریگەریی میدیاکان و حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانە. ئاشکرایە کە ئەگەر ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و کولتوریی تاک بەرز بێتەوە، کاریگەریی لەسەر ئاستی سەرمایەی ئابوریش دادەنێت لەبەر ئەوەی کە بەپێی تیۆریی بۆردیۆ جۆرەکانی سەرمایە دەگۆڕدرێنەوە بە یەکدی. هەروەها هیچ جیاوازییەک لە نێوان ڕوانگەکانی دەرچوانی دامەزراو و دانەمەزراو نابیندرێت. واتە دامەزراندنی ئەوان لە لایەن حکومەتەوە نەبوەتە هۆی ئەوەی کە هەست بکەن دادپەروەریی کۆمەڵایەتی جێبەجێ کراوە.

## دەرەنجام

ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی خستنەڕوی گێڕانەوەی دەرچوانی زانکۆکان سەبارەت بە کاریگەریی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت زانکۆکان، لەسەر کەمکردنەوە یان بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی وەک جۆرێک لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کرا. هەروەک لە بەشی ئەنجامەکانی توێژینەوەدا بینیمان، هەمو لێتوێژراوان بە گشتی لەبارەی بونی نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە کوردستان پێکەوە هاوڕا بون و پێیان وا بو کە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی کەم بکاتەوە.

خاڵی سەرنجڕاکیشی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە بو کە هەردوک گروپی دەرچوانی دامەزراو و دانەمەزراو لە دۆخی ئێستای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی نارازی بون و ڕەخنەیان لە بونی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی هەبو. واتە دامەزراندنی ئەو کەسانە لە لایەن حکومەتەوە و بونی بەرژەوەندیی زیاتری دەرچوانی دامەزراو نەبوەتە هۆی ڕوانینی ئەرێنیی زیاتری ئەوان و تەنانەت هەندێکیان پێیان وایە کە ئەگەر لە زانکۆ نەیانخوێندبا لەڕوی ئابورییەوە زۆر زیاتر پێش دەکەوتن چونکە داهاتی کارمەندان و مامۆستایان لە ئاستی کەسانی بازاڕی و هێزە ئەمنییەکاندا نییە. ئەوەش نایەکسانیی کۆمەڵایەتی بەرهەم دەهێنێتەوە. هەروەها هەردوک ڕەگەزی نێر و مێ پێیان وایە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە یەکسانیی کۆمەڵایەتی زیاتر بکات.

بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەو بابەتانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا، زۆربەی لێتوێژراوان پێیان وا بو کە سیستەمی زانکۆکان بوەتە هۆی زیادبونی سەرمایەی کولتوریی ئەوان. واتە ئاستی خوێندەواریی ئەوان (کولتوری خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەی زانستی و ئاستی ڕۆشنبیرییان) لە ئاکامی خوێندنی زانکۆیی بەرزتر بوەتەوە و ئەگەر زانکۆ نەبوایە ئەوان لەو ئاستە لە خوێندەواریدا نەدەبون. واتە زانکۆ سەرمایەی کولتوریی ئەوانی زیاتر کردوە کە هەنگاوێکە بۆ ئەوەی کە جیاوازیی ئاستی خوێندەواریی نێو کۆمەڵگە بۆ چینە هەژار و مامناوەندەکان کەمتر بێتەوە.

هەروەها زانکۆ سەرمایەی کۆمەڵایەتیی دەرچوانی زانکۆکانی پتر کردوە. هەروەک باس کرا، سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی تیۆریی بۆردیۆوە بە واتای کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە کە لە دەورپشتی تاکێک یان گروپێکی کۆمەڵایەتی فۆرم دەگرێت و دەبێتە هۆی بەرزتربونی ئاستی سەرمایەی ئابوری و کولتوریی تاکەکان و گروپە کۆمەڵایەتییەکان. ئاشکرایە کە لە کۆمەڵگەیەکی لە حاڵی پەرینەوە وەک هەرێمی کوردستان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی یەکجار زۆریان لە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاستی سەرمایەی ئابوریی تاکەکاندا هەیە.

بە گشتی، ئەگەر ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەپێی تیۆرییەکانی بۆردیۆ و هۆرکهایمر لێکبدەینەوە، لە وەڵامی پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەدا کە لە ڕوانگەی دەرچوانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانەوە، ئایا سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت زانکۆ، نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی کەم کردوەتەوە یان بەرهەمی هێناوەتەوە، دەتوانین بڵێین کە لە ڕوانگەی لێتوێژراوانەوە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت زانکۆکان، نەیانتوانیوە لەڕوی سەرمایەی ماددی یان ئابورییەوە یەکسانیی زیاتر بۆ کۆمەڵگە بەرهەم بهێنن و نایەکسانییەکانیان بەرهەم هێناوەتەوە بەڵام لەڕوی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی کولتورییەوە کاریگەرییەکی باشیان لەسەر دەرچوان هەبوە و ئەوانیان بۆ ئاستێکی کۆمەڵایەتی و کولتوریی بەرزتر بردوە. هەروەک باس کرا، بەرزتربونی ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و کولتوریی تاکەکان و گروپە کۆمەڵایەتییەکان خۆی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی بەرزتر بونی ئاستی سەرمایەی ماددی و ئابوریش لەبەرئەوەی کە تاکێکی خوێندەوار باشتر دەتوانێت لە سەرچاوەکانی داهاتی خۆی کەڵک وەرگرێت و سەرچاوەی نوێی داهات بۆ خۆی پەیدابکات.

سیستەمی ئێستای پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەرهەمی تێکەڵاوی و تێهەڵکێشی چەندین سیستەمی خوێندنی وەک سیستەمی عێراقی و سیستەمی بریتانیایی و لەو دواییانەشدا سیستەمی بۆلۆنیا لە زانکۆکانە. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی داوە چاکسازیی بەردەوام لە سیستەمی پەروەردەدا، بەتایبەت لە ئاستی زانکۆکاندا بکات بۆ ئەوەی کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بێت و کوردستان گەشەسەندنی ئابوری و کۆمەڵایەتی بە خۆیەوە ببینێت. بەڵام ئاشکرایە کە

هەرچەندە ئەو سیستەمە کاریگەریی بەرچاوی لە بردنەسەری ئاستی خوێندەواری و سەرمایەی کۆمەڵایەتیی تاکەکاندا هەبوە، نەیتوانیوە ئەو جۆرەی کە پێویستە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی کەم بکاتەوە.

هۆکارەکانی هەست بە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لە لای خوێندەواران و دەرچوانی زانکۆکان کە لەم توێژینەوەیەدا گێڕانەوی ئەوان وەرگیراوە، بریتین لە: جیاوازیی داهات لە نێوان کەرتی گشتی کە زۆربەی خوێندەواران لەوێ دادەمەزرێن و کەرتی تایبەت کە پێویستی بە سەرمایەی ماددی و پارە هەیە؛ جیاوازیی موچە لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و کارمەندانی دیکەی کەرتی گشتی و پەروەردە؛ بەرهەمهاتنەوەی نایەکسانی لە نێو خودی سیستەمی پەروەردەدا بەو واتایە کە فەرق و جودایەتی دەکرێت لە نێوان قوتابیان بە بەگگراوندی کۆمەڵایەتی و چینایەتیی جیاوازەوە؛ هەروەها تێگەیشتن لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی وەک یەکسانیی کۆمەڵایەتی کە بەرهەمی کولتوری یەکسانیخوازیی کۆمەڵگەی کوردستان و کولتوریی سیاسییە.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە پێشانمان دەدات کە سیاسەتی دامەزراندنی یەکەمەکانی بەشە جۆراوجۆرەکان نەبوەتە هۆی ئەوەی کە کەسانی دامەزراو ڕوانگەیەکی جیاوازیان لە کەسانی دانەمەزراو هەبێت. واتە ئەو سیاسەتە کە جۆرێک ڕکەبەرایەتیی ناشیرینی لە زانکۆکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی نمرەی زیاتر پێکهێناوە، ئاکامی خراپتری هەیە لە لایەنە باشەکانی. دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆکان کە وەک ڕێگای کڕینەوەی وەفاداری و لایەنگریی سیاسی لە ساڵانی ڕابردودا ئەنجام دراوە نابێتە هۆی پێکهێنانی ڕوانگەیەکی باش بۆ سیستەمی سیاسی چونکە زۆربەی دەرچوانی دامەزراویش وەک دانەمەزراوەکان ڕوانگەی نەرێنییان سەبارەت بە بونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەیە. لەجیاتی دامەزراندنی بەلێشاوی دەرچوانی زانکۆکان حکومەت دەبێت هەوڵبدات نایەکسانی لە موچە و داهاتی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا کەم بکاتەوە و جیاوازیی چینایەتی کەم بکاتەوە.

## سەرچاوەکان


Abromeit, J. (2010) “The Origins and Development of the Model of Early Critical Theory in the Work of Max Horkheimer, Erich Fromm, and Herbert Marcuse”. in Ingram, D. (ed.), *Critical Theory to Structuralism: Philosophy, Politics, and the Human Sciences*, New York: Routledge.

Abuzeyit, G (2018) *Investigating Kurdish Women's Experiences with Education in Kurdistan with Respect to Oppression*, Master Degree in Education, Faculty of Education, Brock University St. Catharines Ontario.

Bennett, T., & Silva, E. (2006) Cultural Capital and Inequality: Policy Issues and Contexts. *Cultural Trends*, 15 (2-3), 87-106.

Bourdieu, P (1986) *Distinction*. Translated by Richard Nice. Cambridge: Harvard University Press.

Croizet, J. C., et al. (2019) “Education and Social Class: Highlighting how educational system perpetuates social inequality”. in *The Social Psychology of Inequality*. London: Springer. pp. 139-152.

Deranty, J. P. (2010) Social Justice, Available at: https://researchers.mq.edu.au/en/publications/social-justice (Accessed 21/9/2023)

Horkheimer, M. (2002) “Traditional and Critical Theory”. in O’Connell, M. J., et al. (Trans.), *Critical Theory: Selected Essays.* New York: Continuum, pp. 206-213.

Rawls, J. (1999) *A Theory of Justice*. Cambridge: Harvard University Press.

Riessman, C. K. (1993) *Narrative Analysis*. London: Sage.

Van Zanten, A. (2005) “New Modes of Reproducing Social Inequality in Education: The Changing Role of Parents, Teachers, Schools and Educational Policies”. *European Educational Research Journal*, 4 (3), pp. 155-169.

Vernez, G., & Culbertson, S. (2016). "Initiatives to Improve Quality of Education in the Kurdistan Region-Iraq: Administration, School Monitoring, Private School Policies, and Teacher Training." RAND. Available at: www.rand.org/t/rr960 (Accessed 21.9.2023)

Walker, J., Pearce, C., Boe, K., & Lawson, M. (2019) *The Power of Education to Fight Inequality: How increasing educational equality and quality is crucial to fighting economic and gender inequality*. Oxford: Oxfam.